کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
26-7-2007 0:44 بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

**هونەرمەند چۆپی لە 2007/8/2 بۆ ئەنجامدانی کۆنسێرتێک دەگاتە قامیشلۆ.**

هونەرمەند چۆپی پاش ئەوەی ساڵی پار، کۆنسێرتێکی بە سەرکەوتوویی لە شاری قامیشلۆ ئەنجامدا و بوو بە جێی ڕەزامەندی جەماوەرەکەی لەو شارە خۆشەویستەی وڵاتەکەماندا، وا ئەم ساڵیش بانگهێشت کرایەوە بۆ قامیشلۆ.



هاوکارانی هونەرمەند چۆپی لەو کۆنسێرتەدا هونەرمەند (فارووق باپیر) ە کە سەرۆکی تیپی مۆزیکی هونەرمەند چۆپییە بە فیۆڵ بەشداری دەکات و هەروەها هونەرمەندی بەڕێز (هیوا جەمال) ە بە کیبۆرد بەشداری دەکات و باوك و مەنەجەری هونەرمەندیش ئیحسان فەتاح لە ناو ئەم گەشتەدایە.

جێی ئاماژە پێکردنە سێ هونەرمەندی ئەو دەڤەرەش لە سەر پرۆگرامی کۆنسێرتەکە لە خۆئامادەکردن دان، هەردوولا خوازیارن پێش کۆنسێرتەکە پرۆڤە و ڕاهێنان لە سەر پرۆگرامی کۆنسێرتەکە بکەن. بۆیە گەشتەکەیان حەوت ڕۆژی پێ دەچێت.

ئەم کۆنسێرتە لە 2007/8/2 دەکرێت، ئەوانەی تا ئێستا، بلیتی هاتنە ژورەوەیان وەرگرتووە زۆربەیان پزیشك و دەرمانساز و خوێندکاری قامیشلۆن. بەگوێرەی پەیڤی یەکێك لە ڕێکخراوی پزیشکی و دەرمانسازانی قامیشلۆ، زیاتر لە 850 پزیشك و دەرمانسازی کورد لە قامیشلۆ دەژیین.

ئەوەی جێی باسە هونەرمەند چۆپی بەهەردوو زاراوەی کورمانجی سەروو و کورمانجی خواروو ستران دەچڕێ، بۆیە لە کوردستانی ڕۆژئاوا و کوردستانی باکووریش جەماوەرێکی بەرچاوی هەیە و زوو زوو بانگهێشتی ئەو بەشانەی کوردستان دەکرێتەوە، لە پەیوەندییەکی تەلەفۆنیدا هونەرمەند چۆپی ووتی، ئەم کۆنسێرتانەی بەشەکانی کوردستانم زۆر بە لاوە گرنگە، یەکێك لە خەونەکانم ئەوەیە کە ببم بە سترانبێژێکی نەتەوەیی، لەسەر ئاستی کوردستانی گەورە.

سیروان کەریم

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.